www.kurdistannet.org
7-9-02 12:58:39

# رۆژنامەی ئازاد

عوسمان ریشە
dyako@maktoob.com

تا رادەیەك هەندێ رۆژنامەو گۆڤار لە کوردستان دەردەچن یان وا چاکە بڵێین بە زمانی کوردی بڵاودەبنەوە، زۆر لەوانە حیزبەکان بە ئاشکرا بەڕێوەیان دەبەن و هەندێکیشیان بە نهێنی کۆمەك دەکرێن و هەندێکی دیکەش پشت بە سەرمایەی حیزبەکان نابەستن (وا دەڵێن) !

من لە موناسەبەیەکدا لە گەڵ برادەرێکی شارەزا لەو بوارەدا هەندێك بیروڕام ئاڵوگۆڕ کرد، ئەو پێی وابوو کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رۆژنامەی ئەهلی دروست ببێت، یان بە واتایەکی دیکە کات لە کوردستاندا لەبارە بۆ دەرچوواندنی رۆژنامەیەکی ئەهلی.

من ئەو کات و ئێستاش رام وایە کە زووە بیر لە دەرچوواندنی رۆژنامەیەکی ئەهلی بکەینەوە، ئەوەش هەروا بە سادەیی نا..!

بەڵکو لە بەر چەند هۆیەك کە سەرەکیترینیان هۆکارە ئابووریەکەیەتی، لە دوای ئەویش هەبوونی مەبدەئی رێزگرتن لە بیروڕای ئازادە، ئەگەر تەماشای گەشەکردنی رۆژنامە لە ئەمریکا بکەین دەبینین لەوێ سەرەتا رۆژنامە پیاوانی بەرید دەریان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە، دوایی وردەوردە ئەو شێوازە بەرەو کزی چوو تا کار گەیشتە ئەوەی خاوەن سەرمایەکان خۆیان تێهەڵقورتاند و ئەو پیشەیەیان بۆ خۆیان پاوانکرد، ئەوان بە قۆناغ ئەو کارەیان کرد و تا ئەورۆش پشوودرێژی بە روخساری هەندێك لە کۆمپانیا و رۆژنامەی ئەمریکیەوە دیارە، لە فەرەنسا و ئینگلتەراش هەرواهات.

لە وڵاتانی عەرەبیش خاوەن ماڵ چاوی لە داگیر کارو ئامێرە چاپەمەنیەکانی ئەوان بوو، رۆژنامەش لە رێگای داگیرکەرەکانەوە هات و کاتێکی زۆریش یان مێژوویەکی زۆر ئەو رەوتە درێژەی هەبوو، کە داگیرکەران لەو وڵاتانە نەمان رۆژنامەش کەوتە دەست دەوڵەتە تاك رەوەکانەوە.

تا ئێستاش لەو وڵاتانەدا زۆر بە دەگمەن رۆژنامەیەکی هەڵبژاردەی ئازادت دەست دەکەوێ کەچی خاوەن سەرمایەو بە حیساب کەشی شیاووئازادیش لە هەندێك جێگادا هەیە.

لەوانەیە بڵێیت وەڵامی خۆشت داوەتەوە، دەڵێم نا ؟!، چونکە عەرەبەکان زۆر لە ئێمە بیر تەسکانە تر بیر دەکەنەوەوپێیان وایە دەستەڵاتدارانیان کراوە نین، نموونەش بۆئەمە تەواوی سەرۆك دەوڵەتەکان ئەگەر داخلی هەڵبژاردن بن لە ٩٩٪٩٩دەنگەکان دێنن.

لە بەرامبەر ئەو رەوشەی رۆژهەڵاتیەکان و عەرەبەکاندا دەتوانم بڵێم کورد لە نێوانیاندایە.تا ئێستا پارچەیەکی ئازادە و ئەویش وەك دەڵێن کێشەوگرفت و هەرەشەی زۆری لەسەرە.

لە رووی ئابووریەوە وڵات خاپوورە و ئەو بارە پێویستی بە راستکردنەوە هەیە، لە رووی ئازادیشەوە ناتوانم بڵێم کەشەکە زۆر لەبارە، دواییش خاوەن سەرمایەی خەمخۆری بواری بڵاوکردنەوە کوا هەن ؟!

ئەوەی هەیەو نیە حیزبەکانن، بە تایبەتیش پارتی و یەکێتی کە سەرمایەی کوردستانیان لەبەر دەستدایە.هەریەك لەو حیزبانەش کۆمەڵێك گیروگرفتی سیاسییان هەیە و هەردووکیشیان زمانحاڵ و چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە یان هەیە.

بۆیە هەر پرۆژەیەکی دیکە لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبە پێویستە سەرەتا و کۆتاییەکەی دیراسە بکرێت.

پێم وانیە سەردەمی ئەوە مابێت رۆژنامەنووسێك یان نووسەرێك بە خێر کار لە پرۆژەیەکدا بکات، ئەویش هەقیەتی چونکە ژیان پێویستی زۆری هەیە و بە تایبەتیش کە ئێستا ژمارەی پێویستیەکان بەرەو زیادی دەچن، بازاری رۆژنامەفرۆشتن زۆر کەمە و خەڵك بە دەست چەند گرفتێکەوە دەناڵێنین، کەوا بوو کوا بوار بۆ خوێندنەوە؟!.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
7-9-02 12:58:39

که تۆ رۆژنامه دەردەکەی ئەو رۆژنامەیە نەتوانێ لە هەردوو دیوی پیرەر دا وەك یەك مامەڵە لە گەڵ رووداوەکاندا بکات ئەوە گرەوەکەت نەبردەوە.

با بڵێین باری ئابووریش باشە بەلاّم وەرە کەسێکم بۆ بدۆزەرەوە بێلایەنانە لە نێو گۆرەپانی کوردی مامەڵە لە گەڵ رووداوەکان بکات، ئەمیشیان ئەگەر هەبوو چەند گرفتێکی دیکە سەرهەڵدەدەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە دۆزینەوەی پێناسەی رۆژنامەکەیە.

ئەو قسانەی سەرەوە بەشێکن لە نەبوونی بواری رەخساو بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی ئەهلی لە کوردستاندا، پێشم وایە ئەگەر بیر لە دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە بکەینەوە، دەبێ چاوەروان بین تا بارودۆخی ئاشتی کورد ـ کورد بە قۆناغێکی دیکە دەگا و مەسەلەی کورد و کێشە رەواکەی ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێ ئەوساش دەبێ بە هەمان شێوە بارودۆخەکە بخوێنینەوە.

ئەگینا کوردستان سوید نییە و سویدیش کوردستان نییە، جیا لە رۆژنامە یەك دوو ساڵێکە چەندین ماڵپەری جوان و دەوڵەمەند لە سەر تۆری ئەنتەرنێت هەن، ئەوان زۆر بۆشاییان پر کردووەتەوە، ودەکرێ بۆئەوان بوار رەخساووشیاوتربێ.ئەگەر خوا بکات تەمەنیان درێژ بێت ئەوا دەکرێ قسەیەکی دیکە لە سەر دەرکردنی رۆژنامەیەکی ئازاد بکەینەوە، چونکە چاولێکردنی ئەو ماڵپەرانە ئەگەر هیچمان پێنەبەخشێ لەوانەیە بە بیرمان بێننەوە کە ئێمە دەبێ لە گەڵیاندا برۆین.

دوایش لەدەرەوەی کوردستان هەر پرۆژەیەك بێلایەنانە بێتە دروستکردن ئەوا بێ سێودوو باشتربەئاراستە راستەکەدا دەروات.

www.kurdistannet.org